# ڕەیحانە ١٦٠ هونەرمەند لـ









**زنجیرە درامـــای "ڕەیحانە" بەرهەمێکـــی ســـەتەلایتی کوردســـتانە و تاکـــە زنجیرە درامـــای کوردییە لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا لە شاشـــە کوردییـــەکان نمایش دەکرێت، "ڕەیحانـــە" دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ســـاڵانێکی پێشوو و چەند ڕووداوێکـــی کۆمەڵایەتـــی شـــاری ســـلێمانی دەهێنێتەوە بەرچاوی بینـــەری کوردی و بە یەکێکە لە درێژترین درامای کـــوردی هەژمـــار دەکرێت کە ژمـــارەی ئەڵقەکانی لە(30) ئەڵقە تێپەڕ دەکات.**

**بۆ زیاتر تیشك خستنە سەرئەم زنجیرەیـــە، لوقمـــان غەریبی دەرهێنـــەرو سیناریۆنووســـمان هێنایە ئاخافتن.**

*** چەنـــد ئەکتـــەر لـــە (ڕەیحانـــە)دا بەشدارن؟**

- لەم کارەدا نزیکەی (١٦٠) هونەرمەند بەشدارن بە سەرەکی وکۆمبارس و لاوەکی، لەوانە (٤٠) هونەرمەند ڕۆڵی سەرەکییان هەیە، کـــە یەکێك لـــەوان هونەرمەندی کـــۆچ کردوو تەها خەلیلە کە بەر لەوەی ماڵاوی بکات ڕۆڵەکـــەی خۆی تەواو کردبوو.

*** کۆکردنەوەی ئـــەم هەموو ئەکتەرە زەحمەت نەبوو؟**

- بێگومـــان وایـــە، بـــەڵام لەبـــەر ئەوەی زۆربەیان ئەکتەری زۆر باشـــن و تەجروبەکانی پێشووی منیان بینیبوو کە چەند بە دڵســـۆزی کارمان تێدا کردووە، بۆیە ئەکتەریش حـــەز دەکات لە کارێکدا بەشـــدار بێت کە بەشداری کردن و ماندوو بوونی بە فیڕۆ نەچێت.

*** نمایشـــکردنی لە مانگی ڕەمەزان بە ڕێکەوت بوو یان لە سەرەتاوە بۆ ئەم کاتەتان دانابوو؟**

- ئـــەوەی ڕاســـتی بێت بـــۆ مانگی ڕەمەزان نەبوو، چونکـــە ئەڵقەکانی زۆرن ئێمە دەمانتوانی لە ســـنووری ٤٥ ئەڵقەدا کاری لەسەر بکەین، بەڵام بە باشمانزانی ماوەکەی درێـــژ بکەینەوە و کردمان بە (٣٦) ئەڵقـــە واتە چەند ڕۆژیك پاش جەژنیش بـــەردەوام دەبێت و ماوەی ئەڵقەکانیش لـــە نێوان ٤١-٥٠

# ـــــه شاشەی کوردستان تیڤیدا کۆدەکاتەوە

خولەکـــە بۆ ئەوەی بینەر بتوانێت چێژی لێ ببینێ و لەگەڵ ڕووداوەکاندا بمێنێتەوە.

*** لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان پشتتان بە چ سەرچاوەیەك بەستووە؟**

- ( ڕەیحانە ) باس لە مێژوویەکی دیاریکراو ناکات، بەڵکو کۆمەڵێك ڕووداوی سیاســـی، کۆمەڵایەتی، فەنتازییە بۆ مێژووییەکی کۆن دەگەڕێتەوە، واتە ساڵەکەی دیار نییە، بەڵام ٦٠-٧٠ ساڵ پێش ئێستایە بێ ئەوەی مێژوو و شوێنێکی دیاریکراوی هەبێت.

*** هەندێك ئەکتەر یەکەمجارە بەشـــداری دەکەن و ڕۆڵی ســـەرەکییان هەیە، ئەمانەت چۆن هەڵبژارد؟**

- ئێمە پێش وەختە ئامادەکاریمان کرد بوو بۆ ئەوەی هەندێـــك کەس بێنە ناو کارەکەوە، هەندێك کەس هەبن کە یەکەم جارە بەشداری بکەن و تێستیشـــمان بۆ ئەوانـــە کردبوو کە نوێن و زۆریـــش لەگەڵیان مانـــدوو بووین، ئەوانیـــش بە هـــاوکاری ئەکتەرانـــی دیکە توانیویانە ڕۆڵەکان وەکو خۆیان بەرجەســـتە بکەن، هەروەها خۆیشـــیان کەسی بە توانان و بە دڵسۆزییەو کاریان کرد، بۆیە پێموایە زۆر ســـەرکەوتوو بوون و بینەریش دواتر حوکمیان لەسەر دەدات.

*** لـــەڕووی هونەرییـــەوە (نامەکانـــی ئەشرەف) چ جیاوازییەکی لەگەڵ (ڕەیحانە) دا هەیە؟**

- لەڕووی ســـتایلەوە یەك ستایلن، بەڵام جیاوازیشیان هەیە بۆ نموونە ئەمەیان درێژترین درامایە و لـــە ناوەڕۆکەوە (ڕۆمان ئامێزە) و ڕووداوەکانیش بەشێوەیەکی دراماتیکی ورد بە دوای یەکەوە بەستراون، هەروەها گرنگییەکی زۆر دراوە بە جلوبەرگی کوردی و بە ژیانی تاکی کـــوردی وەك ماڵ و ئیکســـوارات وکـــۆڵان و بـــۆن و بـــەرام کە ســـیمایەکی کوردییـــان پێوە دیـــارە، هەروەها لە ژمارەی بەشداربووان و گۆرانی و مۆسیقای کوردی بوونی تێدا هەیە وەك حەیران و لاوك تەنانەت زمانـــی دیالۆگیش، ســـەرەڕای نالەباری بارودۆخی کوردســـتان(ڕەیحانە) یەکێکە لە کارە هەرە گەورەکانی کـــە زۆرترین ئەکتەر بە ئومێد و بە دڵخۆشـــییەوە تێیدا بەشـــدارن و دەبێتە نەخشێك لەسەر بزوتنەوەی هونەری کوردی، کە ئەمانە هەموویـــان جیاوازین و تایبەتمەندییـــەك بە(ڕەیحانە) دەبەخشـــن و لەوە باوەڕەدا نیم پێشـــتر کاری وا کرابێت بە (نامەکانی ئەشرەف)یشەوە.

*** لە ئەکتەرە ســـەرەکییەکانی (نامەکانی ئەشـــرەف) لە (ڕەیحانە)شدا ســـوودت لێیان وەرگرتۆتەوە؟**

- هـــەر کارێك ئەنجام بدەم هەوڵ دەدەم لە کاری دواتـــر گۆڕانکارییەکی ریشـــەیی لە هەڵبژادرنی ئەکتەر و دانانی کاراکتەرەکاندا بکەم، هەندێك لـــە ئەکتەرەکانی (نامەکانی ئەشرەف) لەمەشدا بەشدارن، بەڵام ڕۆڵەکانیان گۆڕاوە، لەبەر ئەوەی ئێمە ســـاڵانە کارێکی لەم جۆرە ئەنجام دەدەین پێویستە ئەکتەرەکان زۆر دووبارە نەبنەوە و شـــانس بە ئەکتەرانی تریـــش بدرێت بۆ ئەوەی توانای خۆیان بەدەر بخەن و ڕۆڵی خۆیان ببینن.

*** گۆرانی و مۆســـیقای کوردی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانـــی درامای (ڕەیحانە)، ئایا گۆرانیبێژەکان هی شاری سلێمانین؟**

- ئێمـــە کار بۆ کوردســـتان دەکەیـــن بـــێ لەبەرچـــاو گرتنی ئەم شار یان ئەو شار، پێویستە سوود لە توانای هونەرمەندانی کـــورد وەربگریـــن لە هەر شـــوێنێکی کوردســـتان بێت بۆ ئەوەی دەوڵەمەندی بکەین، هاوتا ئەسعەد بـــە لاوك و حەیـــران و کۆمەڵێـــك گۆرانی بەشـــداری کردووە کە تایبەتە بە (ڕەیحانە) کە جێگای خۆشحاڵییە بۆ ئێمە و دڵنیام بینەریش چێژێکی تایبەتی لێوەردەگری، چونکـــە درامایەکی کوردییە، بە پێویســـتی دەزانم ئاماژە بـــەوە بکەم کە من هاوتا ئەســـعەدم هەڵبژارد لەبەر ئەوەی دەنگێکی ڕەسەنی کوردییە و جۆرێك لە سۆز وئاوازی کوردەواریی پێوە دیارە و شارەزاییەکی تـــەواوی هەیە لە حەیـــران و لاوك و بابەتە فۆلکلۆرییـــەکان، بێگومـــان هەڵبژاردنـــی کەسێکی شـــارەزا باشترە لە کەسێکی کە لە ســـەرەتای کاری هونەریدا بێت، تراکەکانیش پێشتر ئاواز و شیعری بۆ دانراوە.

*** گرنگترین ئەو کێشە و بابەتانە چین کە (ڕەیحانە) لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەیانخاتە ڕوو ؟**

- دوژمنایەتییەکی بەردەوامی تەواو نەبووی باو دەخاتە ڕوو، بێ ئەوەی بنەمایەکی هەبێت و پێویســـت ناکات مرۆڤـــەکان دوژمنایەتی یەکتری بکەن لەســـەر بابەتی زەوی و ئاو و لێکتێنەگەیشتن و کۆمەڵێك دابونەریتی کۆن کە بە داخەوە لە ڕۆژهەڵات بە گشـــتی و بە کوردستانیشەوە ڕەگوریشەی هەیە، هەروەها دواکەوتوویی و بەرژەوەندی تەسك و چەندین دیاردەی نیگەتیڤی دیکە.

*** ســـەتەلایتی کوردســـتان خاوەنـــی (نامەکانی ئەشـــرەف) بوو، چۆن بوو دیسان (ڕەیحانە)شی لە ئەستۆ گرت؟**

- پێشتر ئێمە وەکو ناوەندی بەرهەمهێنانی کاری تەلەفزیۆنی کوردی (گاف) هەردوو دراماکەمـــان بەرهەمهێنـــا، ســـەتەلایتی کوردســـتانیش وەك کەناڵێك کە گرنگییەکی زۆر بـــە کاری درامـــای کـــوردی دەدات، بەرهەمەکەیـــان کڕییەوە و بوون بە بەرهەمی ئەوان، لەبەر ئەوەی (نامەکانی ئەشرەف) کە جەماوەرێکی زۆری هەبوو و لە ماوەی سێ مانگدا دوو جار نمایشکرا، ئەمەش هاندەرێك بوو بۆ ســـەتەلایتی کوردستان، بۆیە حەزیان کـــرد دووبارە بەیەکەوە کار بکەین، (ڕەیحانە) بەتایبەتی بۆ ســـەتەلایتی کوردستان کراوە و ئـــەوان لە ئەســـتۆیان گـــرت، ئەمەش لە ڕوانگـــەی گرنگیدانیانـــە بە پێشخســـتنی درامای کوردی.

*** بەپێـــی زانیاریـــەکان (ڕەیحانە) تاکە درامای کوردییە کە لـــە مانگی ڕەمەزاندا نمایش بکرێـــت، ئێوە چ بەرنامەیەکتان هەیە**



**بۆ ئەوەی بینەری کوردی لە دراما بیانییەکان دووربکەوێتەوە و دووبارە روو بکاتەوە درامای کوردی؟**

- بەداخەوە لە تەلەفزیۆنە کوردییەکاندا گرنگیدان و پاڵپشتی کردن لە کارە کوردییەکان زۆر کەمە، زۆر جار لە کەناڵەکانمان پرسیوە کە بۆچی گرنگی بە درامای کوردی نادەن، هەموو وەڵامەکانیان ئەوەیە کە درامای کوردی خەرجییەکی زۆری دەوێ و هەندێك کەس ئیدیعای ئەوە دەکات کە کوالیتی دراما کوردییەکان لەڕووی تەکنیکییەوە لاوازە، راستە درامای کوردی خەرجی زۆری تێدەچێت ئەمەش ئاساییە، چونکە هەموو کارێکی خۆماڵیی خەرجی زۆری دەوێ، بە هەمان شێوە ئەو دراما بیانییەی کە لێرە نمایش دەکرێ لە شوێنی خۆی پارەیەکی زۆری تێدەچی، بەڵام کێشەی ئێمە نەبوونی بەرنامە و پلان و بیرکردنەوە یان دڵسۆزی بۆ بواری هونەری کوردی بۆیە تەلەفزیۆنەکان بیانووی سەیر و سەمەرە دەهێننەوە کە هیچ مایەی قەناعەت پێکردنی هونەرمەندی کوردی نییە، تەلەفزیۆنەکان بەناوی کورد و بۆ خزمەت کردنی هونەر وکەلتووری کوردی و ژیانی کورد دانراوە، کەچی بەرهەمی بیانی و دۆبلاژکراو نمایش دەکەن و بە حاڵەتێکی سروشتی دەزانن، دێن هونەری خۆماڵی بەراورد دەکەن لەگەڵ عەرەب کە نزیکەی ٦٠٠-٧٠٠ کەناڵی هەیە، ژمارەیەکی زۆریان تایبەتن بە نمایشکردنی درامای عەرەبی، بەهەمان شێوە تورك و ئێرانییەکانیش هەروان، کەچی کەناڵەکانی ئێمە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، بۆیە ئەم بەراورد کردنە لەگەڵ وڵاتە دراوسێکانمان کارێکی هەڵەیە، بە داخەوە ئەو کەناڵانەی خۆمان سەرەڕای ئەوە خەریکی هێنانی درامای دۆبلاژ کراون بە زمانێکی سەقەت و تەکنیکێکی لاواز و، کۆمەڵێك بەرهەمی نەشیاوی دوور لە کەلتوور و فەرهەنگی کوردی کە ئەمەش دەبێتە هۆی شێواندنی کۆمەڵگاکەمان و کاریگەری خراپی زیاترە.

ئەمانە بوونەتە هۆی دڵسارد کردنەوەی هونەرمەندی کورد لە کار کردن، بەداخەوە دەبینی گرنگییەکی نا بابەتیانە بە درامای غەیرە کوردی دەدرێت و کۆمەڵە گەنجێك دێن لە ژوورێکدا چ بەرهەمێکیان بوێ دۆبلاژی دەکەن دواتریش کەناڵە کوردییەکان بە چەند سەد هەزار دۆلارێك لێیان دەکڕنەوە، ئەمەیان دەتوانین بڵێین شەڕێکی کەلتوورییە و بەداخەوە خەڵك و دامودەزگاکانی ئێمە بە باشی لەمە تێناگەن کە شێواندن و تێکدانی کەلتووری کوردییە، لەلایەکی دیکە هەندێك درامای کوردی بەرهەم دەهێنرێن کە زۆر لاوازن، ئەمەش وایکردووە کە کەناڵەکان نەوێرن مامەڵە لەگەڵ هەندێك لە دەرهێنەرەکاندا بکەن، هەروەها حکومەت ڕۆڵێکی زۆر خراپی بینیوە لە بەرهەمهێنانی چەند درامایەکی کرچ و کاڵی بێنەما لە رووی ناوەڕۆك و تەکنیك و هونەرییەوە زۆر لاواز بووە، ئەمانەش هۆکارێکن بۆ ئەوەی بەرهەمی درامای کوردی کەم بێت، بەڵام لەگەڵ بوونی ئەم هەموو گرفتانەشدا ئێمە نابێ بێ ئومێد بین لە بەرامبەر ئەو حاڵەتە ناشازانەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە و دەبێ ئێمەی هونەرمەند بەردەوام بین لە کارەکانی خۆماندا.

*** ڕۆڵی سەتەلایتی کوردستان لە پێشخستنی درامای کوردی چۆن دەبینی؟**

- لە ڕێگای ئێوەوە پێویستە ستایشی ڕۆڵی سەتەلایتی کوردستان بکەم کە بە ڕۆحێکی نیشتمانپەروەرانە و هەست کردن بە لێپرسراویەتییەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای هونەری کوردیدا دەکات و ماوەیەکە هیچ جۆرە کارێکی دۆبلاژکراوی بڵاونەکردۆتەوە و گرنگی بە بەرهەمهێنانی درامای کوردی دەدات، کە ئەمە جێگای دەستخۆشییە و ئومێدێکە بۆ ئێمەی هونەرمەندانی کورد و ئێمە چاومان لەوەیە ئەم کەناڵە هەروا پێشەنگ بێت و بەردەوام بێت لەو هەڵوێستەی خۆی کە بریتییە لە پشتگیری کردنی هونەر و درامای کوردی، بە گشتی و سوپاسیان دەکەم کە لەدوای (نامەکانی ئەشرەف) دووبارە متمانەیان بە من دا کە کارێکی لەو شێوەیان بۆ بکەم، هەروەها زۆر سوپاسی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی دەکەم بەتایبەتی کاك هاشم کە زۆر هاوکاری ئێمەیان کردووە، بەڵام بەداخەوە وەزارەتی رۆشنبیری هاوکاریمان ناکات و زۆربەی ئەو فەوزایەی کە دروستبووە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری، تەنانەت نووسراوێکیان بۆ نەکردین بۆ کارئاسانی لە کاتی تۆمار کردنی (رەیحانە) ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێمە لەسەر ئەرکی خۆمان هەڵدەستین بە ئەنجامدانی کارێکی لەو جۆرە.





## ناسر حەسەن :

# سینەمای كوردی هەنگاوی زۆری ناوە

ناســر حەسەن ساڵی ١٩٥٠ لەخانەقین لەدایك بووە، ساڵی ١٩٧٠ پەیمانگای هونەری تەواوكردوە، تا ئێســتا دەیان كاری درامیو بەڵگەنامەییو تەلەڤزیۆنی ئەنجامداو زیاتر لە٥٠٠ گۆرانی كوردی سریانی توركمانی عەرەبی بۆ تەلەفیزیۆن دەرهێناوەو ژمارەیەك زنجیرەی تەلەفزیۆنیشــی دەرهێناوە بەناوبانگترینیان زنجیرەی (ژاڵە) یە.
ئێستا بەڕێوەبەری گشتی سینەمایە لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، لەم دیمانەیەدا، ناصر حەسەن هەندێك پرس وڕای هونەری دەخاتەڕوو

*** ئەگــەر هەندێك بۆ رابردوو بگەڕێینەوە، بۆچی تا ئێســتا بەرهەمێكی بە پێز كە كاریگەری لەسەر كۆمەڵگا هەبوویێت بۆ نموونە وەكو «هەبوو نەبوو» یان ژاڵە بەرهەم نەهاتووە.**

-ئەگەر بڵێین ئیش نەكراوە، لەراســتیدا ئیشكراوە رەنگــە كوالێتــی ئیشــەكەش بەرزبێــت، بەڵام بەرهەمەكانی جــاران لای خەڵك زیاتر كاریگەری و رەنگدانــەوەی هەبووە، زیاتر بیری لێ دەكرێتەوە، ئەوبیركردنــەوەش وای كردووە بینەر زیاتر خەڵك لە ژێــر كاریگەری بەرهەمێكی وەكــو (هەبوونەبوو) (لاس و خەزاڵ) كۆمەڵێك ئیشی جواندا بمێنێتەوە، لە حەفتاكان و هەشتاكان، بینەر تینووبوو بۆ وشەیەك كاریگــەری لەناخی بكات، ئــەو ئازادییە لەلایەن راگەیاندنــەوە نەبوو، تەنانەت تەلەڤزیۆنیش ئازادی نەبــوو، هونەرمەند زۆر بەدڵســۆزی كاری دەكرد ئێمە كە كارمان كرد هیج باســی پارەو گرێبەست و ئەو شــتانەمان نەبووە، لەكاتی دەرهێنانی دراماكان تەنانــەت خواردنیش هــەر رۆژەو خێزانێك دەیگرتە ئەستۆی خۆی، هەموو ئەندامەكان رۆژانە بە نۆرە دەچوون بــۆ بازاڕو خواردنیان دەهێناو دەهاتنەوە بۆ دەشتەكە.

**• باســت لەبیركردنەوە كــرد لای بینەر، ئەوكات بیركردنــەوە دەكرا بۆئەوەی ئەو ئازادییەی ئێســتا هەبێ، بۆچی ئێســتا هونەرمەندان بیركردنەوەیەك لای بینەر دروســت ناكەن بۆ داهاتوویەكی گەش و رووناكتر؟**

- هونەرمەند ئێستا هیچ كێشەیەكی نییە، ئەو كات دەگــەڕا بۆ ئازادی یان بۆ حوكــم كردنی خۆی، ئێســتاكە ئەوە دابین كراوە، بۆیە ئێستا هونەرمەند دەڵێ ئەگەر كەسایەتییەكی باش و پارەیەكی باشی تێدابێ ئەوا تەمســیلی دەكەم، خۆی وەزعی باشە لایەنی ماددیــش نەبێ، دەروونی باشــە لەوانەیە فەرمانبەر بێ یان ئیشــێك بكات، جاران دەمانوت، ئەگەر دەورەكەش بچووك بێت تەمســیلی دەكەین، تاكو بڵــێ من هونەرمەندم ومن هــەم، وەك هەموو هونەرمەندی وڵاتانی تر دەتوانم دەربچم لەسەر شاشە، بەداخەوە ئێستا پێش هەموو شتێك حیساباتی ماددیە، بینەریــش هەیە وەك جاران ماوەو زۆر یارمەتیشــمان دەدەین، بەشــێك لە كاری دەرهێنــان و وێنەگرتن لە ماڵەكەیان دەكرێت، كەچی هیچ پاداشتیش وەرناگرن، ئێمــە خۆمان دیارییــەك یان هەرشــتێك بێت بۆیان قەرەبوودەكەینــەوە، لەگەڵ ئەوەی ئێســتا كوالیتی زۆر بــەرزەو هەموو شــتێك دابین كــراوە، دەبینین گەڕاوینەتەوە دواوە،بەشــێوەی گشــتی خەڵك رازی نییە، پێویســتە بچینە ناو خەڵــك ئەگەر بینەر لێی رازی نەبێ پێویســتە لەسەدا حەفتا خەڵكەكە رازی بكەی ئەگەرنا واتە تۆ فەشەلت هێناوە.

*** لە ساڵی ١٩٩١ەوە هەتا ئێستا بەرهەمێكی گرنگی سینەمایی كراوە؟**

- بەڵێ لە ٩١ تا ئێســتا كارمان لەسینەمادا كردووە، بەرهەمی ســینەمایی بە كورتــە فیلم و دیكۆمێنت لەدەرەوە دەســتیپێكرد، بە(تونێــل و گەڵەگورگ) و پاشــان كە هاتینە ناوكوردســتان چەندین فیلم كرا، وەك ئاراس رەشــید بەهاری ســووتاو و كاك مەهدی ئومێــد (ئەســپ) جانــۆ رۆژبەیانــی ( ژیان ) هونەر ســەلیم و دەرهێنەری بەتوانا بەهمەن قوبادی چەندین فیلمی بەرهەمهێنا، هەروەها ئەنوەر ســندی و لەدوای دووهەزاریش شــەوكەت ئەمین و حەســەن عەلــی، كارەكانیان جێگای شــانازییە، ئەم فیلمانە وەكو ســینەمای جیهانی جێی خــۆی گرتووە، ئێمە گەیشتوینەتە فیستیڤاڵەكان ئەوەش كەم نییە، فیلمی حەســەن عەلی (پەڕینەوە لە رووبــار) (دەهۆڵەكان) گەیشتە مهرەجانی قاهیرەو كۆریای باشوور و ئەوروپا. سینەمای كوردی لە ٢٠٠٠ەوە تا ئێستا نزیكەی ٣٠٠ خەڵاتی وەرگرتوە كەواتە جێی خۆی كردۆتەوە، بەڵام هێشتا پێویســتمان بەپشــتگیرییە لەلایەن وەزارەتی رۆشــنبیری و دەزگا هونەرییەكان تاكو بتوانین زیاتر بڕۆینە پێشەوە.


*** ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە كەوا ئەو بەڕێوەبەرایەتییە نەمێنێ، ئەگەر ئەم دەنگۆیە راســت بێت نەمانی بەڕێوەبەرایەتییەكە لەبەر چ هۆكارێكە؟**

- كابینــەی شەشــەم پێیوایە دەبێــت هەندێك لە وەزارەتــەكان یــان دەزگاكان كەم بكرێنــەوە، ئەوە شتێكی ئاســاییە، پلانی خۆیانە رەنگە لەلایەنێك باش بێ و لەلایەنەك خراپ، بەڵام بەداخەوە دەبینم هەر جارێك تەقلیشێك ببێ لەكەمكردنەوەی دەزگا یان بوودجــە، یەكەمجار وەزارەتی رۆشــنبیری و رۆشــنبیران دەگرێتــەوە، ئێمــەی هونەرمەندان و راگەیاندن شــتێك دەكەین بۆ پشتگیری حكومەت. شتێك ناكەین دژی حكومەت و نیشتمانەكەمان بێت، مۆســیقا، شانۆ بە گشتی هونەرەكەمان دەناسرێت، بە بەشداریكردنی لە فیستیڤاڵەكان، ئەم بەشداری كردنــەش وایكــردووە كە حكومەتــی هەرێمی كوردستانیش باشتر بناسرێ، ناردنی هونەرمەندان بۆ دەرەوە بۆ ئەوەی چەندین فیســتیڤاڵ ئەنجام بدەن، بەرهەمی ســینەمایی بخولقێنن، شانۆنامە پێشــكەش بكەن، دەبێ ئەو كەمكردنەوەیە دوایی هەموویــان، هونــەرو رۆشــنبیری بگرێتەوە، لە هــەر كەمكردنەوەیەك یان دەســتكاری كردنێكی بودجــە یەكەمجــار وەزارەتی رۆشــنبیری بەر دەكەوێت،دەنگۆ هەیە ســینەماو شانۆ و وەرزش و هەمــوو بــوارەكان لەیــەك بەڕێوەبەرایەتییدا یەكبگرنەوە، بەرای من ئەوە دەســەڵاتی سینەما كەم دەكاتەوە، ئەو بەڕێوەبەرەی كە دادەنرێ ئەگەر خۆی حەزی لە چ لایەنێك بێت، لەوانەیە بەشــی زۆری بودجەكەی یەكەمجار بۆ ئەو لایەنە تەرخان بكا،هەروەهــا بەڕێوەبەرایەتییەكە ئاڵۆز دەبێت و ناتوانرێ هەموو ئەو بوارانە بەیەكەوە كۆ بكاتەوە، لە كابینەكانی پێشوو تارادەیەكی زۆر گرنگی بە سینەمای كوردی دراوە. هەر سینەمای كوردیش بوو بەهۆی ئەوەی بەو هونەرەوە ببێتە پێناسەیەكی سینەمایی بۆ گەلەكەمان.

# ئەحمەد سالار نیگەرانە

لە پێوەندییەکدا هونەرمەندی گەورە ئەحمەد سالار پێی راگەیاندین ماوەیەکە خەریکە پڕۆڤەیە لەسەر کارێکی شانۆیی نوێ کە لە سیناریۆ و دەرهێنانی خۆیەتی و، کۆمەڵێك هونەرمەندی شانۆکار بەشداری تێدا دەکەن، لەمبارەیەوە هونەرمەند ئەحمەد سالار رایگەیاند: ماوەیەکە شانۆی سالاربەکۆمەك و پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لە هەولێر خەریکی خۆ ئامادە کردن بووین بۆ شانۆیی (چیرۆکە بەردەوامەکە)یە لەنووسین و دەرهێنانی خۆمە، ئەم بەرهەمە باسی رووداوە مێژووییەکان دەکات هاوتەریب لەگەڵیدا داستانێکی لوری لەنواندندا هەبێت، ویستومە راستی ئەوە بڵێم چۆن سەرکەوتنەکانمان گرتینمان پێدەبەخشی، پێویستە سەرنەکەوتنەکانیش بە هەمانشێوە ببێتە هۆی هێزو وەك ئەزموونێك، بڕوام بەوە هەیە ژیان لە هەڵە کردن و راست کردنەوە فێر دەبین لە هەڵەکردن دەرسی گەورە وەردەگرین.

مامۆستا ئەحمەد سالار هەروەها گوتی: لەم شانۆییە هەشت ئەکتەر کاردەکەن کە بەشێوازێکی ئاهەنگسازییە وبەیت ئامێزە سەما و گۆرانی بە کۆمەڵ تێیدا بەشداری دەبێ، بەهاوبەشی مۆسیقا لەسەر شانۆ بەشداری دەکات، مامۆستا سالار لە بەشێکی دیکەی پێوەندییەکەیدا ئاشکرای کرد کە ئەمە دوا کاری دەبێت وەك دەرهێنان و زیاتر گوتی: بڕیارمداوە ئەمە دوایین کارم بێ وەك دەرهێنان، چونکە زۆر ئازارم دیت بۆ هۆڵ سازکردن و کار ڕاییکردن و یەك لەدوای یەك تەگەرە دێتە بەردەمم، بۆیە بەو تەمەنەوە دوای پەنجا ساڵ لە هەوڵ و کۆشش لە بواری هونەری شانۆ ناچار بووم بڕیار بدەم، ئەمە دوایین کارم بێت و جارێکی دیکە من هیچ داوایەك پێشکەش ناکات، مەگەر رۆژێ لەرۆژان قەدر گرانی وئاستی شانۆ لەو وڵاتە بگاتە ئەو ئاستەی ئەوانەی بەرپرسی هونەر و رۆشنبیری بێن داوام لێ بکەن، بۆ زانیاری ئێوەی بەڕێزیش هەر لەم هاوینە لەچوار فیستیڤاڵی جیهانی لە تاران و ئەوروپاو فەرەنسا بانگهێشت کرا بووم، بەڵام نەمتوانی بچم، ئەمە چۆن رەوایە ئەوان لەدوورەوە قەدرمان بگرن، کەچی لێرە شەرم لەگەڵ دەکەن لەسەر هۆڵێك کە هیچ مەرجێکی شانۆیی تێدا نییە، هەر رۆژێك کۆمەڵێك دەنێرن و بیانوویەکت پێ دەگرن، بەراستی ئەمانە دژایەتی کردنە و هەندێك کاریش هەن کە عیززەتی نەفسی خۆت زۆر گەورەترە لەوەی بکەویتە ژێر بارێکی لەو شێوەیە یان رووبەروبوونەوەی کەسانێك دەبینەوە کە لە ئاستی قەدری تۆدا نەبن، بۆیە من بەڕاستی نیگەرانم لەو بارودۆخەی ئێستاکە هەیە.



## سیرین عەبدولنور: ئیرەیی ب...



**گوڵان – بەیروت فابیان عەون**

خانمە هونەرمەندی لوبنانی سیرین عەبدولنور دوای ئەوەی لە بواری گۆرانیدا سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا رووی لە نواندن کرد و لە فیلمێکی خۆیدا سەرکەوتوو بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە چەند زنجیرە درامایەکیشدا لە میسر بەشداری بکات.

لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، سیرین عەبدولنور باس لە چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتی خۆی دەکات بەتایبەتی دوای ئەوەی بوو بە دایك و هەستی دایکایەتی چەند کاریگەری و رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کاروانی هونەری خۆیدا، سیرین دەربارەی ئیرەیی بردن بە هونەرمەندانی دیکە دەڵێ: بڕوای تەواوم بە خۆم و تواناکانی خۆم هەیە بۆیە ئیرەیی بەهیچ یەکێك لە هونەرمەندەکان نابەم، چونکە هەر یەکێك لە ئێمە شێواز و ستایلی تایبەت و جەماوەری خۆی هەیە و لێرەوە هیوای سەرکەوتنیش بۆهەموویان دەخوازم، هەروەها دەربارەی ئەوەی کە قەت بیری لە وازهێنان کردۆتەوە یاخود بێزار بووبێت لە کاری هونەری، سیرین دەڵێت: ئاساییە کە هەموو کەسێك لە کاتێکی دیاریکراودا هەست بە ماندووبون دەکات و

## یەکەم سینەمای تایبەت بە ئافرەتان

لە وڵاتی قەتەر یەکەم هۆڵی سینەمای تایبەت بە ئافرەتان کرایەوە کە ئەمە یەکەم جارە لە وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هۆڵێکی لەم جۆرە بکرێتەوە. هۆڵەکە لە لایەن کۆمپانیای قەتەر بۆ سینەما و دابەشکردنی فیلم و هۆڵەکە ١٥٤ کورسیە و هەفتانە هەرسێ رۆژی پێنجشەممە و هەینی و شەممە فیلم نمایش دەکات، هەروەها چەند نمایشێکی تایبەتی دەبێت بۆ فیلمی منداڵان کە بۆیان هەیە لەگەڵ دایکیان بچن بۆ هۆڵەکە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك رێگا بە پیاوان نادرێت بچن بۆ هۆڵەکە تەنانەت ئەگەر لەگەڵ هاوسەرەکانیشیان بن.





# ڕۆژدا: مەشق بۆ هونەرمەند هەمیشە پێویستە

ڕۆژدا یەکێکە لە خانمە گۆرانیبێژە دەنگخۆشەکانی باکووری کوردستان کە بە دەنگە جیاییەکەی ناسراوە و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان بەشێوازێکی وا دووبارە دەکاتەوە کە ڕۆحێکی نوێیان پێدەبەخشێت و مافی تەواوی گۆرانییەکە دەدات بەجۆرێك هەر کەسێك گوێی لە گۆرانییەکە بوویێت ئەوا هەست بە ڕەسەنایەتی دەنگبێژ و گۆرانییەکەش دەکات.

ڕۆژدا بەم دواییە بەشداری کرد لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی تورکیا و شان بە شانی چەند هونەرمەندێکی دیکەی ناسراوی کورد پاڵپشتێکی بەهێزی پاڵێوراوە کوردەکان بوو، لە پێوەندییەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان سەبارەت بەم هەڵمەتانە ڕۆژدا دەڵێ: ئێمە بۆ سەرخستنی پاڵێوراوەکانمان بە هەموو شێوەیەك هەوڵماندا و زۆریش ماندوو بووین، سەبارەت بە کارە هونەرییەکانیشی وتی» من هەمیشە بەردەوامم لە کاری هونەری و بەدوای شتی نوێدا دەگەڕێم و هەوڵ دەدەم داهێنان بکەم و شتی نوێ پێشکەش بکەم، هەست دەکەم وەکو گۆرانیبێژ بەردەوام پێویستم بە هەوڵ و مەشق هەیە تاکو دەنگم لەگەڵ کارە نوێیەکان ڕابهێنم، چونکە هونەر و گۆرانی گوتنیش وەك هەر شتێکی دیکە پێویستی بە مەشقی بەردەوام هەیە.



## ـە کەس نابەم

پێویستی بە حەسانەوە دەبێ و یان دەیەوێ ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت دووربکەوێتەوە لەهەموو شتانەی کە بێزاری دەکەن بەدڵنیاییەوە دەڵێم ژیان بریتییە لە خەبات و هەوڵدان بۆ بەردەوام بوون، سوپاس بۆ خوای گەورە کە هێز و ئارامی پێ بەخشیوم هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هەست بە ماندووبوون نەکەم و هانیشم دەدات بۆ بەردەوام بوون.

لە ژمارەکانی داهاتوودا تەواوی دیمانەکەی سیرین عەبدولنور لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بڵاو دەکەینەوە.



## باندیراس کەپڵی خۆی دۆزییەوە؟

ئەستێرەی سینەمایی ئیسپانی ئەنتۆنیۆ باندیراس لە خۆئامادەکردندایە بۆ وێنەگرتنی فیلمە نوێیەکەی کە بە ناوی «Loves Me»یە لەگەڵ هونەرمەندان جۆناسان دایتۆن، ستیف کۆجان،کریس میسینا وئەلیوت گۆلدە.

فیلمەکە لە چوارچێوەیەکی کۆمیدی باس لە پیاوێك دەکات بەناوی (پۆل دانۆ) کە پیاوێکی زۆر سەرکەوتووە لە ژیانی خۆیدا، بەڵام دووچاری چەند گرفتێك دەروونی دەبێتەوە لە ئەنجامی سەرنەکەوتنی و بوونی بۆشاییەك لە ژیانی سۆزدارییەوە، تا لە کۆتاییدا کچێك دەدۆزێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی شارەزایی نییە لە مامەڵە کردن لەگەڵ کچان و ڕاکێشانی سەرنجی کچان بۆ لای خۆی بۆیە هەمیشە سەرناکەوێ، سەرەڕای ئەمەش بەردەوام دەبی لە هەوڵەکان بۆ ئەوەی ئەم کچە بخاتە داوی خۆشەویستی خۆیەوە بەمەش ڕووداوەکانی فیلمەکە بەردەوام دەبن.

